کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 0:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆشەویستی مامەڵەکردنە لەگەڵ واقیع نەک خەیاڵ ... هەردی شەفیق

حەقیقەت وخەیاڵ دوڕوی تەواو لێکتری جیاوازی ژیانن و ژیانیش شەڕێکی بەردەوامەلەگەڵ سڕینەوەی



کێشەکانی ڕۆژانەو دووبارە دروست نەبوونەوەیاندا. شەڕێکی بێکۆتایە لەگەڵ خەم و ناسۆرو دڵشکان و ژان و حەسرەتدا. بۆئەوەی مرۆڤێکی سەرکەوتوبیت لەجەنگە نەبڕاوەکەی ژیاندا، بەرلەهەرشتێك پێویستە پشودرێژبیت و بەئەقڵی ئەقڵ بیربکەیتەوە نەك بەئەقڵی ئارەزو و عاتیفە. مەرج نیە ئەوەی دڵ ویستی ئەوە باشبێت و مەرجیش نیە ئەوەی ئارەزو داوای ئەکات ئەوە دروست بێت، بەڵکو ئەوەی ئەقڵ بڕیاری لەسەر ئەدات و ئارەزو عاتیفەش پەسەندی ئەکات ئەوە دروستە. ژیان خۆی بۆخۆی تێکەڵەیەکە لەخەون خەیاڵ و ئومێد و ئاوات و واقیع، ئەشێت ئێمە تاتەمەن کۆتایی دێت بەدوای ئاواتێکدا بچین وپی ی نەگەین. ئومێدو ئاواتیش شتێکە مرۆڤ لەخۆکوژی و نائومێدی و ڕەشبینی دور ئەخاتەوە ئەیگەڕێنێتەوە بۆ هەوڵدان وبنیاد نانەوەی ژیان.

تائەوەی کەپی ی ئەوترێت ئومێدو ئاوات شتێکی دروستە ئەوەشی پی ی ئەوترێت خەیاڵ هەرشتێکی دروستە بەمەرجێك زیادە ڕەوەی تیانەبێت وتەمەن نەدرێتە دەست خەیاڵ.

بەشی زۆری تێکشکانی مرۆڤ و گەنج بەتایبەتی لەخۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتیدا ئەگەڕێتەوە بۆ زیادەڕەوی کردن لەخەیاڵدا، بۆنمونە کوڕێك وێنای کچێك ئەکات لەخەیاڵیدا ئەبێت شاعیربێت، جوانبێت، بەزەردەخەنە بێت، هەلسوکەوتی بەو شێوەبێت کەمن پێم خۆشە، یەکەمین پیاوبم لەژیانی خۆشەویستی ئەودا و... هتد. ئەمانەو کۆمەڵێك هێڵی سوری تر بۆ بەرامبەرەکەی دائەنێت لەخەیاڵیدا. یا کچێك ئەوکوڕە ببێتە شاسواری خەون و خەیاڵەکانی هەموو پێداو یستیەمادی و ڕۆحیەکانی دابین بکات، ئەمیش کۆمەڵێك هێڵی سور ئەکێشێت لەخەیاڵیدا.

جاری بەر لەهەرشتێك هەموو مرۆڤێك بۆخۆی سروشتێکی جیاوازی هەیە لەکەسێکی ترو پێکهاتەی لەڕو جیەنەکانەوە کاریگەری هەیە بەسەرکارو کردەوەیەوە لەگەڵ ئەوخێزان و کۆمەڵگای ی تیایدا پەروەردەبووە. سەیرکە هەندێك دەیەوێت بەوپەڕی توڕەییەوە لەماڵەوە ڕەفتاربکات و هاوسەرەکەشی خۆشی بووی. ئاخر برام تۆ هەمووشتێکت ڕەنگە پێبکری بەڵام پاسەوانی دڵی کەسێکت پێناکری و کەسێکیش دڵی لات نەبێت هەموودنیات بداتی فلسە سورەیەك ناهێنی. یا ژنێك دەیەویتَ پیاوەکەی هەرچی زیاتر کاربکات تازۆرترین نازو نیعمەتی بۆدابین بکات شەویش کەبەماندوویێتی ئەگەڕێتەوە ماڵەوە کەشێکی ڕۆمانیسیانەی بۆدابین کات بەبێ ئەوەی بیرلەوەبکاتەوە کارو سەختی ڕۆژانەی ژیان تاقەتی تیائەکوژی ئاخر مرۆڤ کەتاقەتی مرد کوا بوارێکی بۆ خۆشەویستی تیائەمێنێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە دڵیش پیس بکات بەوەی لەماڵەوە بێبەشە لەخۆشەویستی یا بێ تاقەتە. ئەمەش بەو مانا نا کەمرۆڤ پشت لەکارو باری گوزەران بکات.

خەیاڵی مرۆڤ هەمیشە شتێکی دەوی و واقیع شتێکی تری پێویستە، پێویستە مرۆڤ لەحەقەکانی خۆی خۆش بێت لەپێناو بەختەوەریدا. ناکرێت تۆ بەرامبەرەکەت بخەیتە نێو دنیایەك هێڵی سورەوە ئەمە چیە پێشتر لەخەیاڵی خۆتدا وێنەت بۆکێشاوە یان ئەویش تۆ بخاتە دنیایەك هێڵی سورەوە چیە وێنەی کێشاوە لەناخیدا و دودنیای پێچەوانەش بن لەشێوازی بیرکردنەوەدا ئەی چۆن پێکەوە بگونجێن؟! یا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەسێکی تر بەجۆرێکی تر ئەژی و ئەوژیانەش بۆتۆ دابین نەکراوە. ڕەنگە ئێمە لە واقیعدا بەخیلی بەکەسێك بخوازین لەحەقیقەتدا لەناخەوە خاوەنی دنیایەك کێشەو موشکیلە بن و ئەو ژیانەی تۆ بەئاوات بخوازن.

پێویستە مرۆڤ هەمیشە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات نەك خەیاڵ و بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوە نەك خەیاڵی خۆی و بیر لەپێکەوەگونجان بکاتەوە ولەحەقی خۆی خۆشبێت لەپێناو خۆشەویستی بەرامبەرەکەیدا نەك چوارچێوە دروستکردن بۆئەوەی تر.

کاتێك مرۆڤ لەخۆشەویستیدا شکست دێنێت دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ و یاد کردنەوەو کولانەوەی برینەکان و دڵی ئەمە لەکاتێکدایە لەئەزمونێکدا شکستی هێناوەو بەخەیاڵ دوبارەی ئەکاتەوە. ئایا ژیان لەسەرەتاوە تاکۆتایی یەك ئەزمونە؟ ئەکرێت کەسێك بمرێت وئێمە بەدوایدا خۆکوژی بکەین؟بێگومان نەخێر ئازاری دڵشکان تاڵەو لەوەش تاڵتر بیر لێکردنەوەیەتی. بێگومان سڕینەوەی هەرئازارێك لەسەر دڵ سەختەو ژیانیش خۆکوشتن نیە بەدیار ئومێدو ئاواتێکەوەلەدەست چووە، بەدیار عیشقێکەوە کۆتایی هاتووە، ژیان دوای هەرتێکشکانێك، دوای هەرکەوتنێك پێویشتی بەهەستانەوەیەکی ترە و کردنی بە ئەزموون بۆداهاتوویەکی تر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.